
زۆر جار خۆشەویستی
گوڵەکان هەڵدەوەرێنێت

**زۆربەی رۆشنبیران جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەگەر لە واتای دروستی خۆشەویستی تێبگەین، دەکرێ بەردەبازێکی گونجاو بێت بۆ پەڕینەوە لە زەلکاوی توندوتیژی، یان دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی سەر گۆی زەوی بایەخێکی زۆر بە خۆشەویستی دەدەن و تەنانەت رۆژی ٢/١٤ی هەموو ساڵێك کە بە(ڤالانتاین) ناسراوە، وەك رۆژێکی جیهانی یادی خۆشەویستی دەکرێتەوە و لەم رۆژەدا هاوسەران و بەتایبەتی توێژی لاو بەکڕینی دیاری بۆ خۆشەویستەکانیان هێمایەك لە خۆشەویستیی بێخەوشی خۆیان پێشکەش بە یەکتر دەکەن و پەیمانی وەفاداری هەتاهەتایی بۆ یەکتری نوێ دەکەنەوە، بەڵام لە زۆر کۆمەڵگەشدا بەپێچەوانەوە لەژێر ناوی خۆشەویستیدا توندوتیژیی جۆراوجۆر بەرامبەر بە ئافرەتان دەکرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لەو بارەیەوە را و سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

هەندێک لە هاووڵاتان رایانوایە ئەوین و خۆشەویستی بە مانا فەلسەفەییەکەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئامادەیی نییەو ئەم فەرهەنگە شێوێندراوەی ئێستای کورد، فەرهەنگێکی یەکسانیخواز و ژیاندۆست نییە، هەندێکیش دەڵێن ئەگەر لە زمانی لێبووردەیی تێبگەین، عەشق و خۆشەویستی جێگە بە رق و کینە لەق دەکات و توندوتیژییش لە گۆڕ دەنێت.

د. نادیە تەڵعەت مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئاداب، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «لە وڵاتی ئێمەدا دیاردەی هەڵخەڵەتاندن و بەکارهێنانی توندوتیژی لەژێر ناوی عەشق و خۆشەویستی بەرامبەر ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە رووی لە زیادبوونە، بەتایبەتی لە دوای بەرپابوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیاو سەرهەڵدانی مۆبایل و هەڵە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبووك و ئینستگرام و سناپ چات و ...هتد، لێرەوە بە پێویستی دەزانم بەر لە هەموو شتێك بڵێم دیاردەی بوونی سۆزی عەشق و خۆشەویستی لە نێوان هەر دوو رەگەز بارودۆخێکی بایەلۆژییە، واتا مافێکی رەوای هەر دوو رەگەزە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجڕاکێشانە لەم بابەتەدا، ئەوەیە کەوا رەگەزی نێر ئەم سۆزی عەشق و خۆشەویستییە تەنیا بە مافی رەوای خۆی دادەنێت.» جەختی لەوەش کردەوە کە «زۆر جار کوڕان و پیاوان بە رێگەی نەرمونیان و پڕ لە سۆز و ئەندێشەی عاشقانە و بە هەڵسوکەوتێکی رێکوپێك خۆیان بە ئافرەت دەناسێنن و دواتر بە پێدانی گفت و سۆزی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لێیان دێنەپێش و بە پاساوی بوونی متمانەی ئافرەتەکە بەرامبەر بە پیاو داوای وێنەی ئافرەتەکە دەکات و دواتر دەنگ و رەنگی تۆمار دەکات و داواکارییەکان وەك ئەڵقەی زنجیر درێژە دەکێشێت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە داوای دەرچوون لە کچە دەکەن، کاتێکیش کچە توانای دەرچوونی نەبێت، لەوکاتەدا پیاو ماسکی عەشق و خۆشەویستی فڕێ دەدات و پاڵەپەستۆ لەسەر ئافرەتەکە دروست دەکات بە ئاشکراکردنی پەیوەندییەکەیان و بڵاوکردنەوەی وێنەکانی، لەم کاتەدا شێوەیەك لە شێوازەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت بەرجەستە دەبێت.» گوتیشی: «نموونەی ئەو کچ و ژنانەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوونەتە قوربانیی عەشق و خۆشەویستی کەم نین، بەداخەوە لە رێگەی پیرۆزی خۆشویستن و وەفاداری ئافرەت لە خشتە دەبرێت و بە توندوتیژی وەڵامی وەفادارییەکەی دەدرێتەوە.

چالاکی مافناس باران محەمەد، رایوایە

**ئامارو داتاو تۆیژینەوەکان و شارەزایانی بواری میدیا جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆربەی هەر زۆری پەشێوییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و توندوتیژی بەتایبەتی لەئەنجامی فیتباکی میدیا سەرچاوە دەگرێت و دروست دەبێت**

«هۆکارەکان زۆرن بۆ ئەو توندوتیژییانەی کە بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجام دەدرێن، یەکێك لەو هۆکارانەش ئەنجامدانی توندوتیژییە لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە، ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە». ئەوەشی خستەڕوو کە «یەکێك لەو خاڵانەی جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە، دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنی تاکەکان ناو کۆمەڵگە، ئەوەی گرنگە لێرەدا پەیڕەوکردنی مەبدەئێکە کە مافی بەرامبەر پێشێل نەکات جا لەهەر ڕوویەکەوە بێت. هاوکات دەڵێت: «بەداخەوە ڕۆژانە لێرەو لەوێ گوێمان لێ دەبێت کە چەندین ئافرەت ڕووبەڕووی حاڵەتی نەخوازراو بوونەتەوە جا لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت و هەر ناوێکی وەك سووکایەتی، توندوتیژی یان ئیهانەکردن و.. هتد لێ بنێین، هۆکاری ئەمەش زۆر جار بۆ خواستێکی جنسی، یان داراییە، یان بۆ لەکەدارکردنی کەسایەتیی ئەو کچەیە، ئەمەش لە یاسای هیچ وڵاتێك و لە ویژدانی هیچ کەسێکی بەویژداندا ڕێگەی پێ نەدراوە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە بەڕاستی سەقفی زانستی و فەرهەنگ و ڕۆشنبیریی ئێمە نەگەیشتووەتە ڕاددەیەك تا بەشێوازێکی ئەرێنی بیر لە ئافرەت بکەینەوە، بۆیە هەمیشە ئافرەت لە وڵاتی ئێمەدا هەوڵدراوە پەراوێز بخرێت، یان وەك کەسی دووەم سەیربکرێت. ئەم بیرکردنەوە نێگەتیڤە سەردەکێشێت بۆ زۆر شتی نەخوازراو لە کاتێکدا هەمیشە قەوانی ئەوە لێ دەدینەوە کە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بەبێ ئەوەی هیچ کردارێك ئەنجام بدەین لە بەرژەوەندیی ئەوان بێت، واتە لە وڵاتی ئێمە بەقسە ئافرەتیان گەیاندووەتە لوتکە، بەڵام کاتێك دێتەسەر بابەتە عەمەلییەکەی بەداخەوە حیسابیان بۆ ناکرێت، سەرەڕای ئەمانەش زۆربەی پیاوانی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵدەدەن کەوتنەکانی خۆیان و تووڕەیی و هەڵەکانی خۆیان لە ئافرەتەکاندا خاڵی بکەنەوە، ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی مرۆڤایەتییە .زۆر جار فەرهەنگ کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر خۆشەویستی و عشق کە لە ڕێی فەرهەنگ و کەلتوورەوە دەتوانرێت جوانترین بنەماو یاسای ژیان دابنرێت بۆ ئەوەی چیدی ئافرەتەکانمان ڕووبەڕووی توندوتیژی نەبنەوە و ڕێزی ماف و ئازادییەکانیان بگرن». بەسەرهاتێکی خۆیشی وەک نموونەیەک هێنایەوەو گوتی: «لەم ماوەی رابردوو کە لە دەرەوەی وڵات بووم، کاتێك لەبەر دەم ئەسانسۆر(بالابەر)ێکدا ڕاوەستابووم، لەتەنیشتم کوڕێك و کچێکی لێبوو، بەبێ ئەوەی هیچ کاممان یەك بناسین، کاتێك دەرگای ئەسانسۆرەکە کرایەوە و ویستم سەربکەوم بەوانم وت: فەرموون، سەرکەون. ئەو کوڕەی کە لە تەنیشتم بوو، پێی وتم: لە وڵاتی ئێمە سەرەتا ئافرەت پێش دەکەوێت، ئەوە بوو ئەو کچەی کە لە تەنیشتمان بوو پێش ئیمە سەرکەوت، منیش تێڕامام لەوەی کە چەند فەرهەنگێکی جوانیان هەیە و چۆن ڕێز لە ئافرەتیان دەگرن. خۆزگە لە وڵاتی ئێمەش بەو شێوازە ڕێز لە ئافرەتەکانمان بگیرایە و بە عشق و سۆز و خۆشەویستییەکی پاك و جوانەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئافرەت بکردایە».

**خۆشەویستی پڕە لە بەرائەت و خۆشی و جوانی و میهرەبانی، بەڵام توندوتیژی پڕیەتی لە ڕق و قین و نائارامی و شەڵەژانی دەروونی و ڕیسوایی، بۆیە پێویستە بۆ کاری جددی لەسەر چەمکی خۆشەویستی بکرێ**

هەر سەبارەت بەم پرسە نووسەر و ڕۆژنامەنووس یاسین عەزیز، ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەم گرێیە کۆمەڵایەتییانە پیوەستن بە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و هەندێکجاریش ناحاڵیبوون و بە هەڵە تێگەیشتن لە ئایین و کەلتوور کێشە بۆ ئافرەتان دروست دەکات.» گوتیشی: «ئەوەندی توندوتیژی لە پەروەردەی ئێمەدا ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤانەی هەیە، ئەوندە پەروەردەی خۆشەویستیی نۆڕمال و پۆزەتیڤانە بوونی نەبووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کورد، دەبینین کورد ئەوەندی توندوتیژی دەرهەق کراوە، ئەوەندە خۆشەویستی پێ نەبەخشراوە، هەر بۆیەشە توندوتیژی بۆتە بەشێك لە کەلتووری کوردی و لە پەروەردەکردنی تاکدا ڕەنگدانەوەی هەیە، دەکرێ بڵێین ئەمە یەکێك لەو هۆکارانەیە کە پیاوی کورد ناتوانێ و بۆیشی ئاسان نییە، کە بتوانێ خۆی لە گوتاری پیاوسالاری بەدوور بگرێ و نەکەوێتە ژێرباری ئەو کاریگەرییە توندەی کە هەندێکجار چالاکان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لەبەرامبەردا دەنگیان لێ بەرزدەبێتەوە و پەرچەکرداری پێچەوانە دروست دەبێ، تەنانەت دەگەنە ئەو ئاستەی کە سەنگەر لە پیاوان بگرن، لەم کاتەدا پیاوان دەبێ بیرمەندانە ئاراستەی بیرو کرداری خۆیان بگۆڕن و بە هەمان نەفەس هەنگاو نەهاوێژن، هەروەها دەبێ پیاوان ئاراستەی بیرکردنەوەیان لە هەمبەر توندوتیژی بۆ بازنەی خۆشەویستی بگۆڕن. هەرچەندە پێموانییە بتوانین چەمکی خۆشەویستی وا بە ئاسانی بکەینە میراتگری توندوتیژی، چونکە ئەم دوو چەمکە هەردووکیان نەتوانراوە وەکو پێویست کاریان پێ بکرێ و لە بیرو ئەندێشەی تاکی کورد لە شوێنی شیاوی خۆیان بەکار بێن. ئەگەر بمانەوێ خوێندنەویەکی مەنتقی و عەقڵانی و سایکۆلۆژییانە بۆ ئەم دوو چەمکە بکەین، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە تا ئەوکاتەش پەروەردەی خێزانی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی قوتابخانە نەیانتوانیوە چەمکی توندوتیژی لە هزرو بیرو

**پەروەردەی خێزانی و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی قوتابخانە نەیانتوانیوە چەمکی توندوتیژی لە هزرو بیرو فکری ئێمەی تاکی کورد کاڵ بکەنەوە، واتە بە هەموویانەوە نەیانتوانیوە تۆوی خۆشەویستی لە ئەندێشەی ئێمەدا بە مانا پیرۆزەکەی بچێنن و پەروەردە و گەورەی بکەن**

فکری ئێمەی تاکی کورد کاڵ بکەنەوە، واتە بە هەموویانەوە نەیانتوانیوە تۆوی خۆشەویستی لە ئەندێشەی ئێمەدا بە مانا پیرۆزەکەی بچێنن و پەروەردە و گەورەی بکەن، تا هەر دوو رەگەزەگە وەکو دوو مرۆڤی ئاسایی و دوو مرۆڤی یەکسان لە ماف و ئەرکدا مامەڵەیەکی مەنتقییانە و ئازادیخوازانە لەگەڵ یەکتریدا بکەن و بژین و بەختەوەری و ئاسوودەیی بۆ یەکتر فەراهەم بکەن، هەر بۆیەشە پێموانییە لەو هەلومەرجەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بتواندرێ خۆشەویستی بکرێتە بەدیلی توندوتیژی، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم پرسە بۆ داهاتوو دەبێتە سەرەتایەکی باش، بۆ ئەو کاتەی کە کۆمەڵگەی کوردی ئەم دەرفتە دەڕەخسێنی تا لە روانگەی عەقلانییەتێکی سەردەمییانە و مەدەنی و یەکسانخواز، لەگەڵ ئافرەت ئاشت ببێتەوە و پەرچەمی سپیی یەکسانخوازی بەرز بکاتەوە. خۆشەویستی پڕە لە بەرائەت و خۆشی و جوانی و میهرەبانی، بەڵام توندوتیژی پڕیەتی لە رق و قین و نائارامی و شڵەژانی دەروونی و ریسوایی، بۆیە پێویستە بۆ کاری جددی لەسەر چەمکی خۆشەویستی بکرێ، تاوەکو تاکێکی نۆڕماڵ و میانڕەو بەرهەم بێت، ئەویش لە رێگەی مینبەری مزگەوتەکان و پڕۆگرامی خوێندن و پەروەردەی خێزانی و فلتەرکردنی میدیا. من ناڵێم میدیا سانسۆر بکرێت، بەڵکو لە رێگەی دەزگایەکی پڕۆفیشناڵ و ئەکادیمی بتوانین پڕۆگرام و بەرنامەکانی هەموو دامودەزگاکان لە سەر هەندێك پرسی گرنگ فلتەر بکەین، چونکە ئامارو داتاو تۆێژینەوەکان و شارەزایانی بواری میدیا جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆربەی هەر زۆری پەشێوییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و توندوتیژی بەتایبەتی لەئەنجامی فیدباکی میدیا سەرچاوە دەگرێت و دروست دەبێت، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە پلان و پرەنسیپی باش هەیە بۆ ئەوەی بتوانین کاری بۆبکەین لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا. تا دەرئەنجام هەم تاکێکی تەندروست و هەم کۆمەڵگەیێکی تەندروست و پۆزەتیڤ بەرهەم بهێنین».

**ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کورد، دەبینین کورد ئەوەندی توندوتیژی دەرهەق کراوە، ئەوەندە خۆشەویستی پێ نەبەخشراوە، هەر بۆیەشە توندوتیژی بۆتە بەشێک لە کەلتووری کوردی و لە پەروەردەکردنی تاکدا رەنگدانەوەی هەیە**

**ئەم گرێیە کۆمەڵایەتییانە پەیوەستن بە بواری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و هەندێکجاریش ناحاڵیبوون و بە هەڵە تێگەیشتن لە ئایین و کەلتوور کێشە بۆ ئەفرەتان دروست دەکات**

**سەقفی زانستی و فەرهەنگ و رۆشنبیری ئێمە نەگەیشتووەتە رادەیەک تا بەشێوازێکی ئەرێنی بیر لە ئافرەت بکەینەوە، بۆیە هەمیشە ئافرەت لە وڵاتی ئێمەدا هەوڵدراوە پەراوێز بخرێت، یان وەک کەسی دووەم سەیر بکرێت**



# نەخۆشەکانی تالاسیمیا
## داواکارن حکومەت و هاووڵاتیان هاوکارییان بکەن



تەنیا وەرزێک لە جوانەمەرگ بوونی براکەی بە هۆی نەخۆشیی تالاسیمیا تێپەڕیبوو، خۆیشی دڵی لە لێدان کەوت و بە دەردی براکەی چوو. ڕێبین نەوزاد دانیشتووی کۆیە و قوتابیی قۆناخی یەکەمی پەیمانگەی زمانی ئینگلیزی بوو. گەنجێکی قسەخۆش و دەم بە خەندە و زوو جۆش بوو. تەنانەت کاتێک کە لە نەخۆشخانەی جمهووری (هەولێر) لەژێر چاودێریی چڕدا بوو، لە گەڵ پزیشکەکاندا گاڵتەی دەکرد. ڕۆژێک بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، پەیامنێری گوڵان سەردانی کرد، بە ڕوویەکی خۆش و چاوانێکی پڕ لە هیواوە قسەی دەکرد و ئومێدی ئەوە بوو، بەپێی خۆی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، سەرەڕای ئەوەش لە مەرگ نەدەترسا، بۆیە گوتی: «گیانی من لە گیانی براکەم شیرینتر نییە کە چوار مانگ پێش ئێستا بووە قوربانیی تالاسیمیا، لەگەڵ کاری خوای گەورە هیچ ناکرێت، تا مردنیش مەمنوونی هاووڵاتیی خوێنبەخشین و نازانین چۆن سوپاسیان بکەین، چونکە خوێنی ئەوان ژیانمان پێ دەبەخشێ». گوتیشی: «زۆر لە نەخۆشانی تووشبووی تالاسیمیا بوون بە قوربانیی کەمبوون و گرانبوونی نرخی دەرمان و گیانیان لەدەست دا، با حکومەت تووشبوانی زیندووی ئەو نەخۆشییە بەسەر بکاتەوە و پەراوێزیان نەخات».

پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانە مۆڵەتیان نەدا چەند چرکەیەک زیاتر گوێ لەو نەخۆشە گەنجە بگرین، کە بەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی دواتر دڵی لە لێدان وەستا.

فریاد وەلی کارمەندە و وەک کەسێکی خوێنبەخش دەڵێت: «لە ناو خزمانی خۆمان چەند تووشبووی تالاسیمیا هەن، کە لە نزیکەوە ئاگادارم چەند ژیانیان سەختە بە دەست ئەو نەخۆشییە درێژخایەنەی کە وای کردووە نیوەی تەمەنیان لە نەخۆشخانەکان بن.» گوتیشی: «ساڵانە دوو سێ جار خوێن دەدەم، ئەوەش سوودی زۆرە، هەم خوای گەورە لە خۆم ڕازی دەکەم، هەم نەخۆشێک ڕزگاری دەبێت، لە بەرانبەر خوێن بەخشینەکەش چاوەڕوانی هاوکاری نین، تەنیا چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورەین».

**تالاسیمیا (Thalassemia) یەکێکە لە نەخۆشییە درێژخایەنەکان و تووشبووانی ئەو نەخۆشییە بەردەوام پێویستیان بە خوێن دەبێت، چونکە ئەو نەخۆشییە وەک ئەژدیهایەکی خوێنمژ وایە کە بەر دەبێتە گیانی مرۆڤ و خۆراکیشی تەنیا خوێنە، خوێنیش مایەی ژیانە و ئەگەر هەڵمەتی خوێنبەخشین لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەردەوام نەبێت، ئەوا تووشبووانی ئەو نەخۆشییە بە تەواوی گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. لەچوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی بۆ چارەسەرکردنی تووشبووانی ئەو نەخۆشییە، بڕیار درابوو چەند سەنتەری تایبەت بە چاندنی مۆخ لە کودستان بکرێتەوە، بەڵام قەیرانی دارایی و شەڕی تیرۆریستانی داعش و پێشێلکردنی دەستووری عێراق و بڕینی بودجەی کوردستان لەلایەن حکومەتی بە ناو فیدراڵەوە زۆربەی پرۆژەکانی پەک خستووە و تەنانەت دەرمان و پێداویستیی پزیشکیش زۆر بە کەمی بۆ هەرێمی کوردستان دەنێردرێت. لەلایەکی دیکەوە راستە کە ١٤ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک رۆژی جیهانیی خوێن بەخشینە، بەڵام تووشبووانی تالاسیمیا هەموو مانگ و وەرزەکانی ساڵ نیازیان بە خوێن هەیە، بۆیە داوای هاوکاری و یارمەتی لە حکومەت و هاووڵاتیان دەکەن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

فاتیمە مەولوود دایکی پێنج منداڵە کە سێ لە منداڵەکانی نەخۆشیی تالاسیمیایان هەیە. کاتێک باسی منداڵەکانی دەکات، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و وەک باسیکرد، هەر سێ منداڵە تووشبووەکەی بە تالاسیمیا ساڵانە نزیکەی ٤٠ جار خوێنیان تێدەکرێت. ئەو دایکە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە باسی ئەوە دەکات کە «نەخۆشییەکە لە کوردستان چارەسەری نییە، لە دەرەوەی وڵاتیش تێچووی زۆرە و کەم کەس توانای ئەوەی هەیە». هاوکات دەڵێت: «نەخۆشی تالاسیمیا توانای بەرگریی لەشی زۆر لاوازە، بۆیە جگە لەوەی مانگانە یەک دوو جار خوێنی تێدەکرێت، زوو زوو تووشی نەخۆشیی دیکەش دەبێت، من خۆم ساڵ دوازدە مانگەی خوا لە رێگەی نەخۆشخانەم، زۆر سوپاسی هاووڵاتییانی خوێنبەخش دەکەم و لە خوای گەورە داواکارم بە چاکە پاداشتیان بداتەوە، کە بە خوێنی خۆیان ژیان بە خەڵکی دیکە دەبەخشن». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە بۆچی خۆی و هاوسەرکەی پشکنینی پزیشکییان نەکردووە، هەتا رێگری لە منداڵبوون، یان چارەسەری بکەن، گوتی: «بیست ساڵ لەمەوبەر پشکنینی و شتی وا نەبوو، کەسیش گرینگی بەو شتانە نەدەدا، ئێمەش نەماندەزانی هۆکارەکەی ئەوەیە لەگەڵ مێردەکەم خزمی نزیکین». سەبارەت بە هاوکاری و ئاسانکارییەکانی حکومەتیش گوتی: «نەخۆشخانەی تایبەت بە تالاسیمیا هەیە و هەموو چارەسەرییەک و دەرمان و فەحس و شتی بە خۆڕاییە و پزیشک و کارمەندەکانیشی زۆربەیان خۆیان نەخۆشی تالاسیمیان و زۆر دڵسۆزانە کاروباری نەخۆشەکان رایی دەکەن، زۆر سوپاسیان دەکەم، هیوادارم حکومەتیش ئاسانکاریی زیاتر بۆ نەخۆشەکان بکات، بەتایبەتی کە نرخی دەرمانەکان لە دەرەوە زۆر گرانە و لە کڕین نایەت».

تالاسیمیا وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای کەمخوێنی دێت، ئەم جۆرە نەخۆشییە کە لەلایەن زانای بەناوبانگ (کولی) لە ساڵی ١٩٢٥ دەستنیشان کراوە، لەهەموو جیهاندا بەگشتی بڵاو بووەتەوە، بەتایبەتی



لەو ناوچانەدا کە لە دەریای سپیی ناوەڕاست نزیکن، بۆیە لە هەندێك شوێن بە نەخۆشیی دەریای سپیی ناوەڕاست ناوی دەبەن.

ئەم نەخۆشییە وا دەکات لەش توانای دروستکردنی خڕۆکەی سووری بە تەواوی نییە، بەوەش ناتوانێ خۆراك و ئۆکسجین بە شێوەیەکی باش بۆ هەموو بەشەکانی لەش بگوازێتەوەو دەبێتە هۆی شکاندنی هیمۆگلۆبین و شیکردنەوەی لە کاتێکی زووا کە دەبێتە هۆی کەمخوێنییەکی توند. بە گوێرەی ئاماری کۆمەڵەی تالاسیمیای کوردستان تەنیا لە هەولێر نزیکەی ٩٠٠ تووشبوو بە تالاسیمیا هەن، کە ٣٠٠ نەخۆشیان ئاوارەن، لە ساڵی ٢٠١٧-ش ١٥ نەخۆشی تالاسیمیا گیانیان لەدەست داوە.

وەک دڵزار عەبدولڕەحمان سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی تالاسیمیای هەولێر باسی دەکات «مانگانە بڕی دەهەزار کارتۆن حەبی (ئەکجیت و کلفەر) و دەرزی (دیسفرال)یان پێویستە، بەڵام ماوەی دوو مانگە ئەو دەرمانانە نەماون، نرخیشیان بەرزەو هەر نەخۆشێك بۆ دابینکردنی ئەو دەرمانانە لە مانگێکدا پتر لە هەزار دۆلاری پێویستە».

سروە عەلی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی تالاسیمیا - لقی هەولێر ڕایگەیاند «بە گوێرەی دوایین ئامار تەنیا لە هەولێر ٧٣١ نەخۆشی تالاسیمیا هەیە و ٣٢٨ نەخۆشی تالاسیمیاش لەناو ئاوارەکان تۆمار کراون، لەگەڵ تۆمارکردنی ٣٧ حاڵەتی نوێی تووشبوون بە تالاسیمیا، هەموو ئەوانە پێویستیان بە دابینکردنی دەرمان و چارەسەری هەیە«. گوتیشی: «بەهۆی ململانێی سیاسیی نێوان هەرێم و عێراق تووشبوانی تالاسیمیا لە بارێکی ناجێگیردان، ماوەی سێ مانگە دەرمانی تایبەت بەو نەخۆشییە نەماوە و ئەوەش کێشەیەکی گەورەی بۆ نەخۆشەکانی تالاسیمیا دروست کردووە. حکومەتی عێراق بەڵێنی دابینکردنی دەرمانی پێداین، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو دەرمانانە نەگەیشتووە، بۆیە داوا دەکەین ئێمە نەخەنە ناو ململانێکان و دەرمان و چارەسەری پێویستمان بۆ دابین بکەن».

ئالان لەشکری ڕۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتییە و ئاماژە بەوە دەکات کە «هەموو ساڵێك لە٨ی ئایار وەک ڕۆژی جیهانیی تالاسیمیا، چالاکی و هەڵمەتی جۆراوجۆر و ڕێوڕەسمگەلێک بەڕێوە دەچن، یان لە١٤ی حوزەیران کە ڕۆژی جیهانیی خوێن بەخشینە، بەڵام تالاسیمیا نەخۆشییەکی درێژخایەنە و تووشبوانی بەردەوام پێویستییان بە چارەسەر هەیە، بۆیە دامودەزگای حکوومی و ناحکوومی و بەتایبەتی میدیاکان دەبێت کاری بەردەوامی بۆ بکەن.» گوتیشی: «تووشبووانی تالاسیمیا لە ڕووی دەروونییەوە فشاری زۆریان لەسەرە و خودی نەخۆشییەکەش بە هۆی درێژخایەن بوونی، وادەکات باری دەروونیی نەخۆشەکە ناجێگیر بێت، بۆیە پێویستە گرینگی بە هەموو لایەنەکانی ئەو نەخۆشییە بدرێت.»

دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ئاماژە بەوە دەکات کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بودجەیەکی تایبەت بۆ دابینکردنی دەرمان دانرا کە دەزگای کیمیادیا هەموو پێداویستی و دەرمانەکانی بەسەر هەموو پارێزگاکانی عێراق دابەش دەکرد و هەرێمی کوردستانیش پشکی خۆی هەبووە، بەڵام ماوەی چەند مانگێکە حکومەتی عێراق بە پاساوی جیاجیا ناردنی دەرمانی ڕاگرتووە. ئەوەش وای کردووە، کۆمەڵێک کێشە و گرفت دروست بێت».

هەروەها دەڵێت: «ساڵی پار و لەدوای دەستپێکردنی پرۆسەی ڕزگارکرنی موسڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و سەربازانی عێراقی سەردانی نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستانیان کرد و چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە، بەپێی توێژینەوەیەکمان لە کۆی چوار ملیۆن کەس کە سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە، نزیکەی یەک ملیۆن کەسیان ئاوارە و پەناهەندە بوون کە نیشتەجێی کەمپەکان و دانیشتووی ناوشاری هەولێر بوون».

نەخۆشیی تالاسیمیا نەخۆشییەکی زگماکی و درێژخایەنە کە لە باوانەوە بۆ نەوەکان دەگوازرێتەوە، ئەم نەخۆشییە لە دوای لەدایکبوون بە سێ مانگ دەردەکەوێت. جۆرەکانی نەخۆشیی تالاسیمیا بریتین لە:

١-مایجەر: کە جۆرێکی قورسە لە ماوەی یەک مانگدا دوو جار خوێنی تێدەکرێت.

٢-ئەنتەرمیدیا: دوو مانگ جارێك خوێنی پێویستە

٣- ماینەر: کە لە حاڵەتی پێویست نەبێت، خوێن تێکردنی ناوێت.

**نیشانەکانی نەخۆشیی تالاسیمیا:**

١-ڕەنگ زەردی

٢-کەمبوونی ڕێژەی HB لە خوێندا

٣-گەشەی منداڵ دوادەکەوێت

**نەبوونی نەخۆشخانەی پێشکەوتووی تایبەت بەم نەخۆشییە کە تێیدا مۆخ بچێنرێت، وایکردووە لە کوردستان تەنیا چارەسەری کاتی هەیە**

**تووشبووانی تالاسیمیا لە ڕووی دەروونییەوە فشاری زۆریان لەسەرە و خودی نەخۆشییەکەش بە هۆی درێژخایەن بوونی، وادەکات باری دەروونیی نەخۆشەکە ناجێگیر بێت، بۆیە پێویستە گرینگی بە هەموو لایەنەکانی ئەو نەخۆشییە بدرێت**

٤-جەرگ و سپڵ دەئاوسێ

هۆکارێکی تووشبوون بە نەخۆشیی تالاسیمیا هاوسەرگیریی خزمانە و بەپێی ئامارەکانیش زیاتر لە ١٥٪ی هاوسەرگیرییەکان پێک دەهێنێت. د. نەجمەدین حەسەن، پسپۆڕی نەخۆشیی تالاسیمیایەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رێژەی تووشبوانی تالاسیمیا لە زیادبووندایەو ئەمەش مەترسییەکی گەورە لە سەر کۆمەڵگە دروست دەکات.

یەکێک لە هۆکارەکانی زۆربوونی ئەم نەخۆشییە نەبوونی هوشیاریی تەندروستییە لە خێزانەکاندا، چونکە زۆر خێزان هەن کە منداڵێکیان ئەم نەخۆشییەی هەبووە، کەچی بە بێ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن، دوو سێ منداڵی تووشبووی دیکەیان بووە. واتە دوای پشکنین کە دەرکەوت یەکێك لە هاوسەرەکان هەڵگری (بۆهێل) بێت، پێویستە پابەندی رێنماییەکانی پزیشك بن. هەروەها نەبوونی نەخۆشخانەی پێشکەوتووی تایبەت بەم نەخۆشییە کە تێیدا مۆخ بچێنرێت، وایکردووە لە کوردستان تەنیا چارەسەری کاتی هەیە.

**ئەم نەخۆشییە لەلایەن دایك و باوك بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە بەم رێژانە:**

١ - باوك هەڵگر بێت، دایك ساغ ..
- ٥٠٪ منداڵەکان هەڵگری ئەم نەخۆشییەن.
- ٥٠٪ منداڵەکان ساغ دەبن.

٢ - باوك هەڵگر و دایك هەڵگر
- ٥٠٪ی منداڵەکان هەڵگری ئەم نەخۆشییەن.
- ٢٥٪ی منداڵەکان تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن.

٢٥٪ی منداڵەکان ساغ دەبن.

٣ - باوك هەڵگر بێت، دایك تووبوو – یان بە پێچەوانەوە
- ٥٠٪ی منداڵەکان تووشی تالاسیمیا دەبن.
- ٥٠٪ منداڵەکان هەڵگری نەخۆشیەکە دەبن.

٤ - باوك ساغ، دایك تووشبوو – یان بە پێچەوانەوە
- ١٠٠٪ منداڵەکان هەڵگری ئەم نەخۆشییەن

٥ . باوك نەخۆش – دایك نەخۆش
- ١٠٠٪ منداڵەکان تووشی دەبن

٦ - باوك ساغ – دایك ساغ
- ١٠٠٪ منداڵەکان ساغ دەبن

بۆ ئەوەی نەخۆش بە تەندروستییەکی باشتر بمینێتەوە و تووشی گرفتی زیاتر نەبێت کە بە هۆی ئەم نەخۆشییەوە تووشی دەبێت، پێویستە خۆی و کەسوکاری رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١ . پێدانی خوێن تەنیا (خڕۆکەی سوور ) بە رێکوپێکی واتە نزیکەی هەموو مانگ جارێك تاکو رێژەی هیمۆگلۆبین ١٠ گم / لتر کەمتر نەبێت.

٢ . پاش ١٥ پاینت خوێن لە لەشی مرۆڤ، پێویستی بە دەرزی دیسفیرال ( desferrioxamin dysferal) دەبێت بەهۆی زیادبوونی رێژەی ئاسن لە



لەشدا کە زیادبوونی ئاسن لە لەشدا بە شێوەیەکی زۆر دەبێتە هۆی شکاندنی خڕۆکەی سوور و لە کارکەوتنی کاری خانەکانی لەش کە دەبێتە هۆی لە کارکەوتنی جگەر و پەنکریاس و دڵ و رژێنەکان، بۆیە پێویستە نەخۆش خۆی رزگار بکات لە ئاسنی زیاد لە لەشدا بەهۆی لێدانی دەرزی دیسفرال بە شێوەیەکی رێکوپێك کە بۆ هەر کگم ٢٥٠ گم لێدەدرێت، واتە ئەگەر نەخۆش ٢٠ کگم بێت، پێویستی بە ٥٠٠ گم دیسفرال دەبێت. هەفتەی پێنج رۆژ . بە شێوەیەکی گشتی دیسفرال لە ژێر پێست دەدرێت بەهۆی پەمپ دیسفرال. پێویستە لەکاتی بەکارهێنانی دیسفرال v.c بەکار بهێنرێت .

٣- دەکرێت لەجیاتی دیسفرال بۆ کەمکردنەوەی رێژەی ئاسن لەلەشدا دیفریپوون تەب deferiprone tab بەکاربێت.

٤- لابردنی سپڵ. کاری سپڵ لابردنی خڕۆکە سوورە نائاساییەکانە لە لەشدا، بەڵام بەهۆی لەکارکەوتنی کارەکانی کە لەئەنجامدا ئەم نەخۆشییە تووشی دەبێت بە شکاندنی خڕۆکەی سوور و خڕۆکە سپییە ئاساییەکان و هەروەها پلازما، بۆیە پێویستی بە لابردن هەیە.

٥- بە هۆی شکاندنی خڕۆکەی سوور پێویستە هەموو رۆژێك دانەیەك فولیك ئەسید ناب (folik acid ) بخوات.

٦- چاندنی موخی ئێسك (bone marrow transplant ) لەم بارەیە پێویستە خۆبەخش لە نزیکترین کەسی بێت، تاکو تێستەکان تەواوکەری یەك بن.

٧- بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییە گوازراوەکان پێویست دەکات ئەم ڤاکسینانە لێ بدرێت:

h.c v - h. b. s - h.i.v.

٨- پێویستە نەخۆش دەرمان وەربگرێت بۆ چارەسەرکردن و پاش لادانی سپڵ کە پێویستی بە (پنسلین pancili) -ە و دەبێت مانگانە لێی بدرێت.

**بەهۆی ململانێی سیاسیی نێوان هەرێم و عێراق تووشبوانی تالاسیمیا لە بارێکی ناجێگیردان، ماوەی سێ مانگە دەرمانی تایبەت بەو نەخۆشییە نەماوە و ئەوەش کێشەیەکی گەورەی بۆ نەخۆشەکانی تالاسیمیا دروست کردووە**

**نەخۆشخانەی تایبەت بە تالاسیمیا هەیە و هەموو چارەسەرییەک و دەرمان و فەحس و شتی بە خۆراییە و پزیشک و کارمەندەکانیشی زۆربەیان خۆیان نەخۆشی تالاسیمیان و زۆر دڵسۆزانە کاروباری نەخۆشەکان رایی دەکەن**